# ئیسلامیەکان  و هەوڵ بۆ بنڕکردنی مەدەنیەت لەعێراقدا!

نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk

لەپاڵ نائەمنی و باری خراپی گوزەران و بژێوی خەڵكدا بەدەست هێزەكانی ئەمریكا و حكومەتە شەق و شڕەكەیەوە لەلایەك و لەلایەكی ترەوە بەدەست هێزە ئیسلامیە ڕەنگاو ڕەنگەكانی سەر بەئەمەریكاو وولاتانی ئیسلامی لەچەشنی سعودیەو ئێران و وولاتانی كۆنەپەرستی ئیسلامی ترەوە، هەواڵەكان لەشاری بەسرە ڕایانگەیاند كەئیسلامیەكان خەریكن هەر تروسكاییەك لەوشارەدا هەبێت لەمەدەنیەت و حەزو ئارەزووەكانی خەڵك بەجوانی و ڕەفاهیەت دەیانەوێ نەیهێڵن و بیكەنە ئەفغانستانێكی تری سەردەمی تاڵەبان، ئەم ڕۆژانە 18 هەمین دەلاك، تێرۆ دەكرێت، ئەمە بەدوای تیرۆی دەیان  لەژنان كەبەشێوەیەكی مەدەنی و سەردەم خۆیان دەگۆڕی، تیرۆری دەیان ژنانی خاوەن صالۆنی قژبرین و ئارایش و تیرۆری دەیان ژنان و كچانی زانكۆ و فەرمانبەرو بەبیانوی شەرەف و ئارایشتەوە، ئەمجارەیان ئەو دەلاكانە بوونە شوێنی تیرۆری ئیسلامیەكان كەدوكانی دەلاكیان هەیەو گوێ لەمستی ئیسلامیەكان نەبوون، نابێت ڕیشی پیاوان بتاشن، بەلام ئەمان ئەوەیان پیادە نەكردوەو هاوكاتی سەرچاككردن ڕیشی پیاوانیشیان چاككردوەو تەواو ڕیشیان تاشیون، ئەمەش بەخیلافی حەزو ئارەزوو بەرنامەو سیاسەتی ئیسلامیەكانە بوەو بۆیە تیرۆریان كردوە لەدوكانەكەی خۆیدا.

تیرۆری دەلاكەكانی بەسرە لەلایەن ئیسلامیەكانەوە هاوكاتی ئەو فەزاحەتەیە، كە دەولەتە ئیسلامیەكەی مالكی و تاڵەبانی منالانێكی بێدایكوباوك لەژێرسایەی وەزارەتەكانی ئەم دەوڵەتە شەقو وشڕەی ئەمریكادا چۆن تەعامل دەكرین لەفریدانیان لەكوجێكداو برسیكردنیان. تیرۆری دەلاكەكانی بەسرە هاوكاتی ئەو زیندانانەیە كەهەر دەوریەك بەشێوەك ئاشكرا دەبێت لەژێرسایەی حكومەتە ئیسلامی و دەسەلاتی میلیشیایی ئیسلامیەكان لەسەرتاسەری عیراقدا، هەروەها ئەم كارە وەحشیانەی ئیسلامیەكان هاوكاتی تیرۆرو دوزینەوەی ڕۆژانەی دەیان لاشەی خەڵكی بیتاوان و ژنان و منالان و دۆزینەوەیانە لەقەراغ ڕووبارو شوێنە جۆراوجۆرەكاندا...

بەلام دیاردەی تیرۆری دەلاكەكان و تەقاندنەوەی دوكانەكانیان، زەنگێكی ترسناكە بەگوێی كۆمەڵگای مەدەنی عیراقدا، دروستكردنی ترس و خەفەقانێكە سەرباری ئەو هەموو نەهامەتیانەی كەبەسەر خەڵكی عێراقدا هێناویانە، زەنگێكە كەئیسلامیەكان بەگوێی خەڵكی عێراق و ناوچەكەدا دەیدەن بەوەی كەئەوان دەیانەوێ دەوڵەتێكی ئیسلامی لەچەشنی ئەفغانستانی سەردەمی تاڵەبان و صۆماڵی سەردەمی مەحاكمی ئیسلامی و بەئاشكرا دەیانەوێت و كاردەكەن بۆ ئەوەی كۆمەڵگای عێراق بگێڕنەوە بۆ هەزارو چوارسەدساڵ لەمەوبەری سەردەمی ئیسلام، هەوڵیانە بۆ نەهێشتنی یەك تۆزقاڵ ڕوناكی بەروخساری كۆمەڵگاوە، نەهیشتنی ڕوناكیە هەتا  بەڕوخساری مرۆڤەوە، لەجلوبەرگ لەبەركردن، لەئارایشت كردن، لەزەواجی مەدەنی، نەهێشتنی تەلەفزیۆن و كارەبا و سینەماو دوكانی كەمالیات و هەموو صالۆن و مەسرەح و پاركە گشتیەكان و چاخەنەكانیش، نەهیشتنی هەموو شوێنیك كەشوێنی خوشگوزەران و ڕەفاهیەتی خەڵكی بێت، لەناوبردنی هەموو جوانیەك كەبەڕوخساری كۆمەڵگاوە، ئەمە پەیامی ئیسلامیەكانە بۆ كۆمەڵگای عیراق، ئەمە لەكاتێكدایە كەهێشتا نەبونەتە هێزوو دەسەلاتی ڕەسمی دەوڵەتی و لەپاڵ دەوڵەتێكی شەق و شڕی قەومی ئیسلامیدان، كەچ پەیامێكی كۆنەپەرستانە و  جاهیلیانە دەدەن بەڕوی خەڵكدا؟ هەموو ئەو سیاسەت و كردەوانەی ئیسلامیەكان لەهێزو لایەن و كەسایەتی مەدەنی عیراق و ناوچەكە دەخوازێت كەبەرامبەر كاری تیرۆریستی دەستەو تاقمە ئیسلامیەكانی ناوو پاڵدەستی حكومەتەكەی مالكی ڕیسوا بكەن و لەدەوری ڕێگا چارەی مەدەنی و ئینسانی كۆببنەوە.